# ستاتیکا و شاکاری کوردی

بەرگی یەکەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ستاتیکا و شاکاری کوردی

بەرگی یەکەم

تاریق کارێزی



کتێب: ستاتیکا و شاکاری کوردی - بەرگی یەکەم
نووسینی: تاریق کارێزی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٥٣
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
دەرهێنانی بەرگ: حەمید ئازموودە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٠١)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## جوانی

* جوان ڕاستییەکی پرشنگدار و سیحر ئامێز و کاریگەرە، لە پەیوەندییەکی تۆکمەدایە لەگەڵ ژینگە و دەوروبەری خۆیدا، هەروەها بە شێوەیەکی ئۆرگانی تێکەڵ بە ناخ و دەروونی ئەو کەسەش دەبێت کە درکی پێ دەکات.

* جوانی بەهرە و ڕاستییەکی ژیانە، دەستی ئێمەی مرۆڤ دەگرێت و بەرەو کەماڵ و باڵاییمان دەبات، یەکێکە لەو خەسڵەتە دەگمەنانەی کە هۆشیارانە ئێمەی مرۆڤ لە گیاندارانی دی جیا دەکاتەوە.

* جۆرەکانی هونەری شێوەکاری توخمێکی کارای بەرجەستە کردنی جوانین، نزیک بوونەوە لەم هونەرە، نزیک بوونەوەیە لە کرۆک و بەهای جوانی و مرۆڤ لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە بەهرەمەند دەکات.

## بۆ (١٠) شێوەکاری کوردستان؟

سەرەتای سەدەی بیست و یەکی زایینی هەمان سەرەتای سەدەی بیستی زایینی نییە سەبارەت بە هونەری شێوەکاریی کوردی. لەگەڵ دەستپێکی هەزارەی سێیەمی زایینیدا گەلی کورد بە مێژوویەکی پڕ لە بەرهەم و داهێنانی شێوەکارییەوە هاتەپێش. مێژووی ئەم هونەرە لە لای کورد بە لای کەمەوە سێ چارەکی سەدەی بیستەم دەگرێتەوەو، سەرەتا بە وەنەوزێکی هونەرییەوە، زۆر سادەو ساکارانە دەستی پێکرد، لە ناوەڕاستی سەدەکەدا بووژانەوەیەکی بەخۆوە دیت. لە دوایین چارەکی سەدەی بیستەمیشدا شێوەکاریی کوردی، بە تایبەتی نیگارکێشی، خەسڵەتی بزاڤێکی هونەریی بەخۆوە گرت، لە دوایین ساڵەکانی سەدەی بیستەمیشدا بزاڤی شێوەکاریی کوردی بووە کاروانێکی دوورو درێژ، کە ڕیزبەندی دەیان هونەرمەندی شێوەکار لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان و لە وڵاتانی تاراوگەشدا، تێکڕا بزاڤێکی پان و بەرینی کار و ئەفراندنی هونەرییان دامەزراند.

واتە ئەمڕۆ گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی خاوەن کولتوورێکی شێوکارییە، کە لە ئاستیدا ڕەخنە و ئەرشیفکاری درێغییەکی زۆری کردووە. ڕەنگە درێغی کردنەکەش چەندین پاساوی جۆربەجۆری



هەبێت. جا ئەگەر ئەرشیف کردن و کۆکردنەوە و بەسەریەکەوە نانی تابلۆ و پەیکەر و سیرامیک و هەمەجۆر بەرهەمی شێوەکاری، کارێک بێت لە دەرەوەی تواناو دەسەڵاتی تاکە کەسان و، پتر کاری دامودەزگای فەرمیی حکوومەت بن، خۆ لە هەمان کاتدا ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هونەری و گەلاڵە کردنی بەرنامە و میتۆد و پرۆژەی ڕەخنەیی، کارێکە تاکە کەسی ڕەخنەگر، بە ڕادەی توانا و شارەزایی خۆی، دەتوانێ بە ئاکامی بگەیەنێت.

ڕەنگە هەندێ کەس بڵێن، ئەمڕۆ لە نێو زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا بابەتی شێوەکاری هەیە و، تەنانەت چاپەمەنیی تایبەت بە هونەری شێوەکاریشمان هەیە. ئەم قسەیە ڕاستییەکی بەرچاوە، لاشمان وایە ڕۆژنامەگەریی کوردی بە درێژایی تەمەنی هونەری شێوەکاریی کوردی، پەیوەندییەکی گەرموگوڕی لەگەڵدا دروست کردووە. گەر نووسەرو ڕۆژنامەنووسی خەمخۆر هەبوو بێت، لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان والا بوون بۆ لە ئامێز گرتنی بابەت و کاری هونەری، بەردەوامیش بابەت و نووسین دەربارەی هەمەجۆر، نمایش و چالاکی و پیشانگای شێوەکارانی کورد لە نێو گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو کراوەتەوە. هەر لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم و بگرە پێشتریش،تابلۆ و پەیکەری شێوەکارانی کورد لەسەر بەرگی گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو کراونەتەوە.ئەم پەیوەندییە ئۆرگانییەی نێوان شێوەکاریی کوردی و ڕۆژنامەگەریی کوردی لە سەردەمی زێڕینی دوای ڕاپەڕین هاوبەند لەگەڵ گەشە کردنی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە باشووری کوردستاندا ،ئەویش گەشەی کرد. وێڕای ئەوە تا ئێستا بزاڤی هونەری شێوەکاریی کوردی لەبەر تیشکی پرۆژەیەکی

فراوانی ڕەخنەییدا شی نەکراوەتەوە، وەک مێرگێکی بێ پەرژین و باخێکی نادیار وایە، نە ڕەهەندەکانی ئەو هونەرە ئاشکران و، نە بەرچاوی مریدانی ڕوونە.دەکرێ هەندێ لە دەرکەوتە نێگەتیڤەکانی ئەم حاڵەتە لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە:

١- هەرچەندە تا ئێستا گەلێ بابەتی پەیوەست بە ڕێبوارانی بزاڤی شێوەکاریی کوردی نووسراوە، مێژووی ئەم هونەرەش کەموکورت لەم شارو لەو شاری کوردستاندا بە شێوەیەک لە شێوەکان خراوەتە ڕوو، بەڵام مێژووی تێکڕای بزاڤی شێوەکاریی کوردی تا ئێستا نەچووەتە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی ڕەخنەییەوە.

٢- پرۆژەیەکی ڕەخنەیی لە بواری هونەری شێوەکاریی کوردیدا گەڵاڵە نەکراوە، کە شێوەکارانی کورد وەک ئاوێنەیەکی باڵانوما کارو بەرهەمی خۆیان و،بەژن و باڵای کەسێتیی هونەرییان و ئاستی ئەفراندنەکەیانی تێدا بەدی بکەن.

٣- هێشتا پۆلێنێک بۆ شێوەکارانی کورد نەکراوەو،نەوەو وەچەی جوداجودای ئەوان دیاری نەکراوە، بە چەشنێک تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەریەک لەو وەچەو نەوانە ڕوون و ڕەوان خرابێتە ڕوو.ئەو نووسینانەی لەم بوارەشدا هەن تا ئێستا پڕۆژەی نیوەچڵن.

٤- هەرچەندە ژمارەیەکی باش زاراوەی شێوەکاری و ڕەخنەو نووسینی شێوەکاری گەڵاڵە بوون و چەسپیون، بەڵام هێشتا ماویەتی زمانێکی تۆکمەو بێ کەموکوڕیی ڕەخنەیی لە بواری شێوەکاریی کوردیدا گەڵاڵە بێت.

٥- وێڕای ئەوەی دنیای هونەرو ڕۆشنبیریی کوردی تا ئەم کاتەش



بواری ئەوەی تێدا نەڕەخساوە، سەوداو بازرگانی بە بەرهەمی هونەرییەوە بکرێت وەک ئەوەی لە وڵاتانی ڕۆژاوادا هەیە، بەڵام سەرەتای چەواشە کردن و چاوبەستەکی خەریکە لە نێو دنیای شێوەکاریی کوردیدا دەست پێ دەکات، ڕەنگە گەشە کردنی ئەم دیاردەیە لە ساڵانی ئایندەدا، جۆرێک لە نادروستی لە قەبە کردن و گەورە پیشان دانی هەندێ شێوەکاری بچووک و، لە هەمان کاتدا بە ناهەق بچووک کردنەوەی هەندێ داهێنەری گەورە، بێتە ئاراوە. ئەویش لە پای ئەوەی (رەخنە) یان دروستتر بڵێین نووسین و بۆچوونەکانی ئەم بوارە پشت بە بنەمای بابەتی نابەستن، بەڵکو هەڵقوڵاوی مەیل و تێگەیشتنی تاکە کەس دەبن، کە سەرەنجام لە هەڵسەنگاندندا بە ڕێچکەی ڕاست و دروستی خۆیدا ناڕوات وەک ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ستاتیکی، بەڵکو ئارەزووی تاکە کەس و خواستە جیاجیاکانی بەدی دەهێنێت.

٦- گەورەترین زەرەمەندانی ئەو کەموکوڕییانەی لە پێنج خاڵی ڕابردوودا باسمان کردن، هونەرمەندانی تازەو نوێباوی شێوەکارن، ئەو لاوە خۆین گەرمانەی چ تازە خوێندنی ئەکادیمییان لە کۆلیژو پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان تەواو کردووە، یان ئەوانەی بە عەشق و ئارەزوویەکی گەرمەوە ئالوودەی دنیای ڕەنگ و هێڵ و فۆرم و نیگارو قەبارە بوون، سۆفی ئاسا لە خەڵوەتگەی هونەردا مریدو ئێشکگری دنیای شێوەکارین، بۆیە گەڵاڵە کردن و پێکەوەنانی پرۆژەیەکی ڕەخنەیی لە بواری شێوەکاریی کوردیدا، خواستێکە لە بەرژەوەندی ئەواندا دەبێت، کە هیواو ئایندەی شێوەکاریی کوردییش ساڵ بە ساڵ دەسپێردرێتە دەستی ئەوان و،

بارمتەی ئاست و جۆری داهێنانی هزر و پل و پەنجەی ئەوان دەبێت.

ئێستاش گەر بگەڕێینەوە سەر پرسیارو سەرەباسی ئەم نووسینەمان، کە (بۆ ١٠شێوەکاری کوردستان؟)، لەوانەیە هەندێ لە پەیوەست و خواستەکانی ئەم نووسینە بۆ خوێنەر ئاشکرا بووبێت. واتە گەڕان و هەوڵدان بۆ پێناسە کردن و ناساندنی هونەرو هونەرمەندانی شێوەکاری کوردستان و، ڕێ خۆش کردن بۆ دیاری کردنی ڕەهەندی مانۆرەکانی هونەرو، ڕووناک کردنەوەی بەرچاو و دیدەی هونەردۆستان، تا لە کرۆکی هونەرو پرۆسەی داهێنان بە گومان نەبن و، لە ڕەوا بوونی جۆرەکانی هونەری شێوەکاری وەک بەشێک لە تێکڕای کولتوورو ڕۆشنبیریی گەل، دڵنیا بن.



## ئاوڕدانەوەیەک لە هونەری خۆماڵی

زۆربەی ئەو نووسرانەی بە لای دنیای شێوەکاریدا چوون، چ بە وتار و بابەت بوو بێت یان بە کتێب و پەڕاو، پتر هونەر و هونەرمەندانی بیانی و جیهانییان بەسەر کردوەتەوە. زۆربەی بەرهەم و بابەتەکانیش وەرگێڕان یان ئامادە کردنن، چونکە گەنجینەیەکی گەورە و فراوان دەربارەی هونەر و داهێنانی گەلانی دەوڵەمەند لە بواری شێوەکاریدا بە گەلێ زمان لەبەر دەستدا هەیە، ئەو نووسەرانەش حەز و پەیوەستییەکەیان بەرامبەر بە هونەری شێوەکاری لەو ئاستەدا لەنگەری گرتووە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە نووسین لە بواری شێوەکاریی کوردی و دەربارەی شێوەکارانی کورد کارێکی نابەردەست و زەحمەتە، بگرە ئەم جۆرە نووسینە هەر وەک مانۆر و سەرچڵییەک وایە! هەڵبەت بایەخی نووسین لەم بوارەدا بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەرد و بەیارێکی نوێیە و بە تەواوی قەڵەمی ڕەخنەی نەگەیشتووەتێ. بەشەکەی دیکەشی بۆ ئەو ئەرکە دەگەڕێتەوە کە بۆ ڕێزنان و پیشان دانی ئاستێک لە داهێنانی چینێک لە هونەرمەندانی نەتەوەیەک، دەکێشرێ.

مامۆستا محەمەد عارف سیامەنسووری وەک گەورە هونەرمەندێکی کلاسیزمی کوردی و خاوەن خامەیەکی بە بڕشت لە بواری نووسینی هونەریدا، هاندەرێکی گەورەم بوو بۆ خەملاندنی ئەم پرۆژەیە. ئەو لە هەفتەنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر)دا گۆشەی (لەگەڵ شاکارە نەمرەکاندا)ی هەبوو، لەو گۆشەیەدا بەرهەمی نایاب و شاکاری شێوەکارانی مەزنی جیهانی بەسەر دەکردەوە. ئەم کارەی ئەویش درێژە پێدانی هەمان ڕەوتی بایەخدان بە هونەری بیانی بوو، بۆیە کە لە ژمارە (٦٠)ی هەفتەنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر)ەوە لە بری ڕەخنەگری شانۆ (حەیدەر عەبدولڕەحمان) لاپەڕانەدا هونەر لەو هەفتەنامەیەدا بە من سپێردرا و، دواتر مەقامناس و ڕەخنەگری مۆسیقا (وشیار ئەحمەد ئەسوەد)یش لەو لاپەڕەیەدا بووە هاوکارم، بیرۆکەی ئەوەم لەلا گەڵاڵە بوو، کە شاکاری کوردی لە بواری شێوەکاریدا بەسەر بکەمەوە. سەرەنجام (شاکاری کوردی) بووە گۆشەیەکی هونەری، لە ژمارە (٦٣)ی هەفتەنامەکەوە تا ژمارە (٧٢)ی ژیان و داهێنانی هەشت شێوەکاری کوردم بەسەر کردەوە، کە بە ڕیز ئەمانە بوون (ئومێد شاڵی، ئیسماعیل خەیات، گارا ڕەسووڵ، محەمەد عارف سیامەنسووری، عەبدولڕەحمان وەحید کلحۆ، ڕێبوار سەعید، دارا حەمە سەعی، مەدحەت کاکەیی)، کاتێک بیرۆکەی کۆ کردنەوەشیان لە دووتوێی کتێبێکدا هاتە پێش، بە ڕاوێژ لەگەڵ چەند هونەردۆست و هونەرمەندێک، وام بە پەسند زانی هەردوو هونەرمەند (ڕەشید عەلی و جەمال مشیر)یش بێنە نێو پرۆژەکەوە، بۆ ئەوەی ژمارەی هونەرمەندەکانی ببنە دە هونەرمەند و جوگرافیای داهێنانی شێوەکارانی کوردیش بە شێوەیەکی پوختەتر لە باشووری



کوردستاندا بەسەر بکەینەوە. ئەم دە هونەرمەندە هی شارەکانی سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و دهۆک و خانەقینن.

من پێم وایە لێرەدا هەوڵێکی بەرایی و سادە و ساکارم داوە بۆ نزیک بوونەوە لە دنیای ئەم دە هونەرمەندە، کە نووسینەکەم خوێندنەوەیەکی نیمچە ستاتیکی و مەعریفییە بۆ داهێنانی ئەوان لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە. ڕەنگە پەی بردن بە دنیای ئەفراندنی شێوەکارێک هەروا ئاسان نەبێت، بەڵام ئەم هونەرمەندانە – ئەگەرچی ئێستا چواریان لە دەرەوەی کوردستاندان – هاووڵاتی و هاونیشتمانی خۆمن، ئومێد شاڵی نەبێ، ئەوانی دی تێکڕا دوور و نزیک دەناسم، لە هونەر و دنیای ئەفراندنی ئەوانەوە، تا ڕادەیەک نزیکم. لاشم وایە ئەم کارەی من هەرچەندە هەوڵێکی بەرایی و سادەش بێت بۆ پەی بردن بە دنیای داهێنانی ئەوان، بەڵام هەوڵێکە بە مەبەست لە ڕێی ناساندن و پێناسە کردنی هونەری ئەواندا. هونەری ئەوانیش بەشێکی گرنگە لە تێکڕای کاروانی هونەری شێوەکاریی کوردی، ئەم هونەرە لە ڕووی تیۆریزە و داهێنانەوە خۆی سەلماندووە و، لە ڕووی نێوریزە کردن و نووسینەوەی مێژووەکەی و ئەرشیف کردن و دانانی مۆزەخانەشەوە، شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە. بۆیە ئەم جۆرە نووسینانە هەوڵێکن بە ئاراستەی بە سەر کردنەوەی داهێنان لە هونەری شێوەکاریی کوردیدا، چونکە ئەم هونەرە ئەمرۆ خاوەنی نزیکەی یەک سەدە لە مێژووی کارو ئەفراندنە.

## محەمەد عارف سیامەنسووری

### سەرەتاکانی دامەزراندن و ناسنامەی گەل و کولتوورەکەی

بەسەر کردنەوەی پتر لە (٤٠) ساڵ لە داهێنانی محەمەد عارفی نیگارکێش لە جۆرە پرۆژەو نووسینێکی وادا، بێگومان کارێکی بە پەلەو سەرپێیی دەبێت، بەڵام کە پرشنگی گەشتە ڕەخنە - هونەرییەکەمان بە هەولێردا گوزەر بکات، کەس هێندەی ئەو لەم شارەدا باڵای بە هونەر نەکردووە، بۆیە لە یەکەم هەل و دەرفەتدا ناکرێ بیبوێرین.

محەمەد عارف لە ١٩٣٧دا لە ڕەواندزی پایتەختی میرانی سۆران لەدایک بووە، شکۆمەندیی کولتووری دەسەڵاتی بنەماڵەو نەتەوەیەکی دێرین پاڵپشتی بووە، بۆیە لە بەغدای نیمچە دەریای هونەردا، کە لە ١٩٥٦دا دیبلۆمی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ئەوێ بەدەست هێناوە، مۆرکی کوردانەی نەشێواوە.

دیسان لە نێو بەستەڵەکی مۆسکۆو جیهانی کولتووری هونەری سەردەمی قەیسەری و داهێنانی کۆمۆنیزم و قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیستدا، کە لە ١٩٦٧دا بە ئیمتیاز بڕوانامەی ماجستێری لە



ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی ئەوێدا وەرگرتووە، ڕەنگی گەرم و گەشی کوردانەو فیگەری پابەند بە کولتوورو ژینگەی کوردەواریانەی جێ لەق نەبووە. لە ١٩٦٩وە تا ١٩٩٠ لە عێراق و چەند وڵاتێکی بیانیدا، بەشداریی لە دەیان پیشانگای هاوبەش و جیهانیدا کردووە، هەروەها یەکێک بووە لە بەشدارانی پیشانگاکانی هونەری هاوچەرخی عێراق لە وڵاتانی (کوێت، قەتەر، بەحرێن، لوبنان، جەزایر، سووریا، مەغریب، توونس، یەکێتیی سۆڤیەت و ئەڵمانیا).

یەکەم پیشانگای تایبەتی لە ١٩٦١ لە یەکێتیی سۆڤیەتدا کردووەتەوە (رووسیای ئێستا)، لەو کاتەوە تا ساڵی ١٩٨٩ دە پیشانگای تایبەتی لە بەغداو هەولێرو یەکێتیی سۆڤیەتدا کردووەتەوە. لە ساڵی ١٩٩٣یشدا یازدەمین پیشانگای تایبەتی بە ناوی (سیمفۆنیای هونەر) لە هۆڵی میدیای شاری هەولێردا کردەوە، پانۆرامایەکی گشت چالاکییەکانی هونەرمەند بوو، بەشێکی زۆری تابلۆکانی لە ١٩٦١ەوە تا ١٩٩٣ نمایش کرد بوو، لە پاڵ هەشت کتێبی چاپ کراوی خۆی لەسەر هونەرو دەستنووسی ئامادە بۆ چاپ، هەروەها تابلۆ نیگاری چاپ کراوی خۆی و ئەرشیفی دەوڵەمەندو ئەلبوومی سکێچ و لێکۆڵینەوەکانی لەو پیشانگایەدا نمایش کرد. ئێستاش محەمەد عارف مامۆستای کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی سەلاحەدین و بڕوانامەی دکتۆرای لە هونەری شێوەکاری بەدەست هێناوە.

محەمەد عارف سیامەنسووری وەک نیگارکێشێک لە پێستەوە تا سەر ئێسقان کوردە. تابلۆکانی زۆر ڕاستگۆیانە نوێنەرایەتیی کولتووری گەل، مێژووی پڕ شکۆو بەرخودانی نەتەوە، ژینگەو

سروشتی خاکی نیشتمانی دەکەن. سیمای پڕ سام و هەیبەتی کوردانەی ماقووڵانی ڕەواندز، هێندە کاریان لە نیگارکێشی ناوداری عێراق فایەق حەسەن کردووە، کە دەیان سکێچ و پۆترێتی قەڵەمکێشی ئەوان، کە بە دەستی بەهەشتی فایەقی هونەرمەند لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا کێشراون، ئێستا لە نێو مۆزەخانەی هونەرمەندانی پێشەنگ (متحف الفنانین الرواد)دا لە بەغدا پارێزراون. (ئەم مۆزەخانەیە لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعسدا، کەوتە بەر تالاّن و برۆ).

هەر ئەو سەرو سیمایەی ڕەواندزیان، بە وردەکاریی نیگاو دەموچاویان و پۆشاکی سەر تا پێیان، هێندە لە هزرو خەیاڵی محەمەد عارفی منداڵ، نەخشی ئالاّو والاّیان کێشاوە، بە جیاوازیی ئەو کۆمەڵگایانەی، دواتر محەمەد عارفی گەنج و لاو لە بەغداو یەکێتیی سۆڤیەتدا بینیونی، ژینگەو سروشتی کوردستان و خەسڵەتەکانی نەتەوەی کورد، تێکەڵ بەو هەموو داستان و حەکایەت و جۆرەها بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بیرگەو یادەوەری ئەویان بە ڕابردوویەکی پڕ لە قارەمانێتی و شکۆ ئاخنی بوو. کەسایەتی و خودی هونەرمەندیان وەها خەملاّندو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دنیای داهێنان لە نێو ستاتیکای گوتاری ڕەنگ و شێوەدا، خستانە سەر ڕێچکەی لە ئەستۆ گرتنی پەیامی گەلەکەی.

بە هیمەتێکی زۆر گەورە، محەمەد عارف ڕووبەڕووی بارستایی داهێنانی ئەو گەل و وڵاتانە بووەوە، کە خەرمان یان ڕابردوویەکی گەورەی هونەرییان هەیە، لە کاتێکدا وڵاتی پڕ لە جوانی و شکۆی ئەو، شاگردی هونەریشی تێدا قات بوو! ڕووبەڕوو بوونەوەکە هێندە گەورەو مەیدانەکە هێندە بەربڵاو بوو، کەسانی بێ لە (سیامەنسووری)



هەستیان بە شکست دەکردو، پشتیان تێ دەکرد، بەڵام محەمەد عارف سڵی لە ڕووبەڕوو بوونەوەکە نەکرد، زۆر بە جەرگەوە هاتە مەیدان و سەراپای تەمەنی خۆی کردە یارمەتەی هونەر. ڕاست و چەپ، هەورازو نشێو کەوتە جووڵە، تابلۆی کێشاو کوردانە ستاتیکای هێنایە دواندن، کتێب و پەڕاوی هونەریی کردە کوردی، ئەرشیفی دامەزراند، هێندەی لە توانای کەسێکدا بێت ئەو کردی.

بەوەی یەکێکە لە هونەرمەندە دیارەکانی دەستەی پێشەنگی هونەری شێوەکاریی کوردی لە باشووری وڵاتماندا، بەردی بناغەی داهێنانی ستاتیکای کوردیی لە بواری ڕەنگ و فۆرم و فیگەردا دانا. هاوچەشنانی لە دەستەی پێشەنگ، جێیەکی گرنگ و شایستە لە مێژووی شێوەکاریی کوردیدا گڕ دەدەن، دەستەی دووەمی شێوەکاران لەوانەوەو لە ئاستی ڕەهەندەکانی داهێنان و وردەکاریی گوتاری جوان و دیدەیی ئەوانەوە، نەخشی قۆناغێکی دیکەی هونەری شێوەکاریی کوردی دادەڕێژن.

دیارە گەشە کردن و بالاّ کردنی هونەری شێوەکاریی کوردی، هەر لەسەر ئەو بەردی بناغانەوە دەبێت، کە هونەرمەندانی دەستەی پێشەنگ دایانناون.

# ئیسماعیل خەیات

## بەیەک بوونی سروشت و زیندەوەران

ئیسماعیل خەیات بەوەی لە دامێنی باشووری وڵاتی کوردەواری، گەرمیانی نزیک بە عەرەبەواری لەدایک بووە، ژینگەو کولتووری دوو هەرێم و دوو وڵاتی لێک جیاواز، کاریان لە گەڵاڵە کردنی پێگەی هونەریی ئەو کردووە. سەرەتا بە حوکمی تێدا ژیان و بەرچاو کەوتن، پەنای بۆ هەردوو ژینگە بردووەو شتە بەرچاوەکانی هەردوو هەرێم (یان وڵات) لە نێو کارەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە. (خەیات) لەبەر ئەوەی کورد بوو، بەڵام بە کولتوورێکی عەرەبەواری دەورە درا بوو، بۆیە – وەک زۆر هونەرمەندو ئەدیبی دیکەی کورد – کەوتە نێو گێژەنی ساغ کردنەوەی ناسنامە. لە تێڕامانێکی قوول و بەرهەمداردا، توانیی بگاتە شێوازێکی ئەوتۆ، کە جۆرە یەکبوونێکی ڕەها بە هەموو شتەکان ببەخشێت و، دڕ بە ڕواڵەت و ڕووکەشیی فیگەر بدات و بگاتە ئەو دیویان، بۆ ئەوەی لەوێوە، لە نێو دنیایەکی داڕووتاو لە ڕواڵەتەکان، شتەکان ببینێت.

وەک ئاشکرایە، هەر پەڕینەوەو سنووربەزییەک، نائارامی و دڵەڕاوکێ لە دەروون و لە دنیای داهێناندا دەنێتەوە. لە ئاستی



ئەمەشدا خەیاتی هونەرمەند توانیی، بە یەکبوونێکی دی و بە ئاوێتە بوون و تێکەڵ بوونێکی بەرهەمدارانە، پارسەنگی نێوان خود و بابەت بداتەوەو، بێگیان و گیاندارانی لە یەک بۆتەدا داڕشتەوە، کە بە جارێ دنیای ڕەهای شێوەی هێنایە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆی.

لە لای ئیسماعیل خەیات، گەردوون یەکە و لە یەک ڕەهەند و دووراییدا خۆی دەنوێنێت. جا خەتای کەس نییە و سەرەنجام وا دەکەوێتەوە، کە لە نێو تابلۆکانیدا زۆربەی بنەما ئەکادیمییەکانی هونەری نیگارکێشان،وەک (بۆشایی، ڕووبەر، ئاسمان و هێڵی ئاسۆ، جووت مەوداو سێ مەودا، بینگە – مەنزوور) فەرامۆش دەکرێن. وەک هەندێ ڕەخنەگریش ڕوونیان کردووەتەوە، ئەم هونەرمەندە شوێنەوارناسێکە لە قەد پاڵی شاخ و لە نێو ئەشکەوتدا تاقیب و پەیدۆزی شوێنەوارو پاشماوەکان دەکات، ماسی و باڵندەی بەبەرد بوو دەبینێتەوە، ئەزیش پێم وایە تابلۆکانی پتر زادەی دیدو ڕوانینێکی خەستی هزرو بیری ئەون. زۆر بە ناچاری هونەری هێڵکاریی هێندە بە قووڵدا بردووە، هێنان و بردنی هێڵی هێندە چڕ کردووەتەوە، ئەوەندە بە شێوەیەکی فراوان و بەربڵاو بنەماکانی هێڵکاریی جۆش داوە، تا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی تابلۆی قەڵەمکێشیی گەیاندووەتە پلەی کاری گرافیک.

دوای پێکەوەنانی ژیانی هاوسەری، تابلۆکانی ئیسماعیل خەیات ڕەنگی ئاڵاو واڵایان گرتە خۆ، وەک ئەوەی هونەرمەند مەبەستی بێت پێمان بڵێ، ژیان لە تەک هاوسەرداو لە سایەی سۆزی ئەودا، هەمەڕەنگ و خۆشتر خۆی دەنوێنێ، بە جۆرێک کە شایستە بە تۆماری هونەر بێت.

هونەرمەند ئیسماعیل خەیات، لە ڕووی خەسڵەتی کارو بەرهەمی

هونەرییەوە، لە ڕیزی دەستەی دووەمی شێوەکارانی باشووری کوردستاندایە. ساڵی ١٩٤٤ لە شاری خانەقین لەدایک بووە، لە ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٩١ پتر لە پازدە پیشانگای تایبەتی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک و بەغدا کردووەتەوە، لە چەندین جۆرە پیشانگا و نمایشی هاوبەش لە ئاستی کوردستان و عێراق و لە دەرەوەی وڵاتدا بەشداریی کردووە. وەک هونەرمەندێکی کورد لە نێو هونەرمەندانی عێراقدا ناسراوە، ساڵی ١٩٦٦ خانەی مامۆستایانی باقووبەی تەواو کردووە، چەندین بڕوانامەی هونەری و ڕێزلێنانی لە دەزگا هونەرییەکانی ئیتالیا بەدەست هێناوە، ئێستا لە شاری سلێمانیدا نیشتەجێیە.

لە دوای ڕاپەڕینەوە (خەیات)ی هونەرمەند یەکێکە لە شێوەکارە هەرە چالاکەکانی کوردستان، ساڵانە چەندین پیشانگای تایبەتی کردووەتەوە، پرۆژەی پیرەر (ئاشتی بۆ کوردستان) یەکێک بوو لە پرۆژە هەرە گرنگ و کاریگەرەکان لە مێژووی بزاڤی هونەری شێوەکاریی کوردیدا.

لە ساڵی ١٩٦٥ەوە تا ٢٠٠٢ سی پیشانگای تایبەتی لە شارە گەورەکانی باشووری کوردستان و بەغدای پایتەختی عێراقدا کردووەتەوە. لە پەنجا پیشانگای هاوبەشیشدا بەشداریی کردووە، بەرهەمەکانی لە عێراق و سووریا و ئوردن و ڕووسیاو وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و کۆریای باشوورو ژاپۆن و سویدو ئێران و نەمسا و سویسرا و دانیمارک نمایش کراون. یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە بە شێوەیەکی چالاک و ئۆرگانی لەگەڵ بۆنەو ڕووداوەکاندا ژیاوە و پرۆژەو بەرهەمی بۆیان گەڵاڵە کردووە.



## دارا حەمە سەعی

### بەنەتەوەیی کردنی ستاتیکاییانەی مێژوو

سێ و دوو لەوەدا نییە کە دارا حەمە سەعی دامەزرێنەری هونەری هاوچەرخی پەیکەرسازیی کوردییە، لە ساڵی ١٩٤٦دا لە سلێمانی هاتووەتە دنیا. تەمەنی ١٤ ساڵان دەبێت کە تابلۆی ڕیکلامی فیلمەکانی سینەما، بە قەبارەو ڕەنگ و شێوەی سەرنج ڕاکێشیان، کار لە ناخی دەکەن و لە ماڵدا دارای منداڵ ئەندێشەکانی سەرسام بوونی بەو وێنەو تابلۆیانە، بە هێڵکاری لەسەر پەڕەی کاغەز دەردەبڕی.

لە گەرمەی سەرکەوتنی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٠ کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا (ئەکادیمیا)ی تەواو کردووە. لە کاتی خوێندندا پەیکەرسازی ناوداری عیراق(محەمەد غەنی حیکمەت) – دوور لە ویستی دارا – پەلی ئەم قوتابییە کوردە دەگرێت و ڕەوانەی بەشی پەیکەرسازیی دەکات لە ئەکادیمیا، هاوکات ڕۆحێکی بەرزی کوردانە، گیان و هزر و دەروونی پاراو دەکات.

دارا لە دیدگەیەکی بەرزو ڕەگ داکوتاوی مێژووی تێکەڵ بە

هەستێکی ڕەهەند والای ستاتیکا، هاتووەتە نێو دنیای هونەر، وەک پەیکەرسازێک بە دروستی لە ڕابردووی گەلەکەی گەیشتووە، کە میراتگری شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیا و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵە. بۆیە لە ئەفراندندا، فیگەر و فۆرمی پەیکەر و دیواربەندەکانی لە کولتووری ئێستای کوردو پاشماوەی دێرینی کوردستان هەڵدەهێنجێت. لەبەر ئەوەی لە ناخدا (دارا) نیگارکێشە، دەبینین دیواربەندو ڕیلیف و هەڵکۆڵینەکانی، چڕی و شێوەیەکی پانۆرامای داستانی بەخۆوە دەگرن، سەرەڕای ئەوەی کاری پەیکەرسازی ئەرک و ماندوو بوونێکی زۆری دەوێت، زیاد کردنی فۆرم و فیگەرو شێوە بەرجەستە کراوەکان و چڕ کردنەوەو تێک هەڵکیش کردنیان، هێندەی دی ئەرکی پەیکەرساز قورس و زەحمەتتر دەکات.

سەرەڕای هەموو ئەم شتانە، دارا حەمە سەعی لەبەر ئەوەی کات و هزرو ماندوو بوونی بۆ هونەرەکەی تەرخان کردووە، دەبینین ڕووبەرێکی گەورەو فراوانی داهێنانی گەلاڵە کردووە، وردەکارییەکی دەگمەن و سەرنج ڕاکێشیش لە بەرهەمەکانیدا بەرجەستە دەکات.

زۆر شوێنی دیارو بەرچاوی شاری سلێمانی بە دیواربەندو پەیکەرو ڕیلیفی داستان ئامێزی دارا، کە زۆربەیان بە چیمەنتۆی سپی دروستی کردوون، ڕازاوەتەوە. جگە لەوەی چەندین بەرهەمی لە چەند مۆزەخانەو گەلەرییەکی ئەوروپادا هەیە. پەیکەرو بەرهەمی دارا لە هەولێرو هەڵەبجە و سەلاحەدین و ڕەواندزو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداو گەلێ شوێنی دیکەشدا هەن.

ساڵی ١٩٧٦ یەکەمین پیشانگای پەیکەرسازیی لە سلێمانیدا



کردووەتەوە، ساڵی ١٩٨١ پیشانگایەکی ڕیلیفی لە برۆنز داڕێژراوی لە ڕۆماو، پاشان لە بەغداو سلێمانیدا ساز کردووە. لە ساڵی ١٩٨٢ پیشانگایەکی هاوبەشی بۆ شێوەکارانی کورد لە ئیتالیا کردووەتەوە. لە ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٨٣ چەندین پیشانگای لە (ڕۆما، ڤینیسیا، فلۆرەنسا، ڤێرنیسیا، لیفانتی)دا کردووەتەوە. هەر لە سەردەمی قوتابێتیدا و دواتریش، لە چەندین پیشانگای هاوبەش لە کوردستان و عێراق و ئیتالیا و پورتوگال و ئیسپانیا و فەرەنسا و کەنەداو میسرو بەریتانیا، بەشداریی کردووە.

سەبارەت بە بەرهەم و بەشدارییەکانی، لە ساڵی ١٩٧٠ میدالیای زێڕینی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدای بەدەست هێناوە، هەروەها میدالیای زێڕینی (دافتی)ی جیهانی و میدالیای زێڕینی کۆمەڵەی گیدر (Gedar)یشی بەدەست هێناوە، دەیان وتاری لە ڕۆژنامەکانی ئیتالیا و جیهان لەسەر نووسراوە.

ماوەیەک مامۆستای پەیکەرسازی بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی و ئێستا مامۆستای پەیکەرسازییە لە کۆلیژی هونەرەجوانەکان لە زانکۆی سلێمانی، جگە لە نووسینی چەندین وتاری هونەری، چەند ئەڵقەیەکی لە بەرنامەیەکی سەرکەوتووی شێوەکاریی لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پێشکەش کردووە.

ریتمێکی بێ گرێ و هاوسەنگ لە پەیکەرو دیواربەندەکانی دارا حەمە سەعیدا بەدی دەکرێت، ئەو جگە لە بەکالۆریۆسی پەیکەرسازی، لە ساڵی ١٩٧٩ دیبلۆمی بە پلەی ئیمتیاز لە ئەکادیمیای ڕۆما وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٨١یشدا دیبلۆمی لە پەیمانگای میدالیای ڕۆما وەرگرتووەو، ئەندامی کۆمەڵەی میدالیستی جیهانییە. لە ساڵانی

نێــوان ١٩٨٠ – ١٩٨٣دا دیبلۆمی لە فــەلســـەفــەو مــێــژووی هـونەر بەدەست هـێناوە، لە ســاڵانـی ١٩٨٠– ١٩٨٢ بڕوانامــەی (فـلووت)ی لە مـۆسـیـقا وەرگـرتووە، لـەهـەر سێ پیـشـانگای جـیـهـانـی (UCSEI) و (AMES) و( CEDAR)دا بڕوانامەی دیبلۆمی پێ دراوە.



# مەدحەت کاکەیی

## تێڕامانی خەست و هەڵفڕین بە شاباڵی هونەر

هـونـەر لە جـغـزی کـۆت و بـەندا نـەشـونما ناکـات، هونەرمـەندیش گـەر بێـتوو ئەندێشـەکانی دەروونی دابمرکێنێتـەوە، ئـەوا بە پەیژەی هونـەردا بەرەو خــوار دادەبەزێت، کــە پردی نێــوان هونـەرو ژیانیش بە گــرێ کـوێرەی ئەسـتـەم دەگـات، کەسی بەرزە دەمـاخ و گـەردن ئازاد یاخی دەبێت و، هـونەر هەگـبـەی کـۆچ و کـۆچبـار بـە پشـتـی هونەرمــەندا دەدات.

مەدحەت محەمەد عەلی کاکەیی (کەرکووک – ١٩٥٤) شێوەکارێکی پسـپـۆڕی گرافـیکە، سـەرەتـا ناوی لە هەندەران دەنگی دایەوەو دواتر بەرەو کوردسـتـان هـاتەوە.(دووریم لـە نیشـتـمـان و منداڵەکـانم بووەتە هـۆی هـەوڵدانی زیاترم و سـەرکێشانم بە توندی بە دیواری هـەقیـقـەتی گـــەورەی هـونـەردا، بۆ ئـەوەی زیاتـر هـەست بە ڕۆحـی منداڵـەکــانم و نیـشـتـمـانەکـەم بکەم). دوای ئـەوەی ســاڵی ١٩٧٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی گرافیک تەواو دەکات، دەچێتە ئیسپانیا و لە زانکۆی هونەرە جوانەکانی (فیرناندۆ) درێژە بە خوێندنی دەدات.

سالآنی حەفتای سەدەی ڕابردوو تا سەرەتای هەشتاکان، مەدحەت چەند پیشانگایەکی تایبەتی لە کەرکووک و بەغدا دەکاتەوە، لە ساڵی ١٩٨١ بە دواوە دەبێتە پێشمەرگە. دواتر ئاوارەی ئیسپانیا و چەند ولآتێکی دیکە دەبێت. زمانحاڵی مەدحەت – وەک لە ژمارە ٦٠ی ساڵی هەشتەمی گۆڤاری بەربانگدا تۆمار کراوە – دەڵێ:(لە بەغدا لە مردن دەترسام و لە ئیسپانیا لە برسیەتی دەترسام و لە سوید لە شێت بوون دەترسم). دیارە دەروونی هەستەوەری هونەرمەندێک، کە بە ڕۆح و گیان تیکەڵ بە خاک و زێدەکەی بێت و پێی وا بێت: (تابلۆیەکی هونەریی بەرز لە شیعرو و تارو کاری سیاسی زۆر کاریگەرترە بۆ دەربڕینی کارەساتێکی گەورەی وەک هەڵەبجە)، هەردەم هەوڵ دەدات (هەستی منداڵێک لە خۆیدا دروست بکات، منداڵێک کە بۆ یەکەم جار چاوی بەم جیهانە دەکەوێت، بۆ یەکەم جار دەست لە دارو بەردو ئاگر و ئاوی دەدات).

لە قۆناغێکی کاریگەری ژیانی هونەرییدا، مەدحەت کاکەیی ڕەنگی ڕەش و سپی، وەک دوو هاودژ و دوو جەمسەری تەواوکەری یەکدی، بە نموونەی (شەوو ڕۆژ، ساردو گەرم، ڕاست و چەپ، چاکەو خراپە، ساردو گەرمی کارەبا) سەرنجی دەدانێ و لە ناخەوە زۆر بە پیرۆزی بە کاری دەهێنان، پێشی وا بووە هەموو ڕەنگەکان لە نێو ئەو دوو ڕەنگەدا کۆ دەبنەوە، بۆیە کرۆک و واتا و جوانیی هەموو ڕەنگەکان لە خۆ دەگرن. ئەو وەک دەروێشێکی ژان گرتووی جوانی، گەشت کردنی بۆ ئیسپانیا و چەند ولآتێکی دیکەی ئەوروپاو ژاپۆن، بووە مایەی پتر قاڵ بوونەوەی لە دنیای شێوەکاری و، ڕۆح و هەستی پاراوتر و بەجۆشتر تاوی سەندووە. بە هۆی تێکەڵ بوون لەگەڵ دنیای هونەری



ئەو ولآتانەدا، ئەزموونی هونەرەکەی دەوڵەمەندتر کرد، هاوکات سۆزی دووری و لە ولآت دابڕان– وەک کەسێک – تا سەر ئێسک لێی بووە بە مەشخەڵێکی گڕ گرتووی هونەر.

مەدحەت کاکەیی – نووسینەکان لە بارەیەوە ئاشکرای دەکەن – لە ساڵی ١٩٧٨ەوە تا ١٩٩٤ چەندین پیشانگای تایبەتی کردووەتەوە، لە سوید (٦) پیشانگا، لە ژاپۆن (١٠) پیشانگا، لە کۆریا (٤)پیشانگا، لە ئەمریکا و پۆڵەنداو بەریتانیاو نەمسا و فنلەندا هەر یەکەو پیشانگایەکی لێ ساز کردوون. بەر لەوەی لە ژاپۆندا پیشانگا بکاتەوە، لە بەغداو سلێمانی و هەولێر و کەرکووک پیشانگای کردووەتەوە، بەڵام کە لە ژاپۆندا پیشانگایەکی کردەوە، خەڵکێکی بێ شومار ڕوویان کردە پیشانگاکەی و ڕەخنەگرانی جیهانی و ڕۆژنامەنووسی ناودار لە سەریان نووسی. بەم جۆرە ناوبانگی هونەرەکەی بڵاو بووەوە و دەرگای زۆر گەلەریی لە چەندین ولآتدا بۆ کرایەوە. لە پیشانگاکەیدا کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەر لە ژاپۆن سازی کرد، سێ هەزار هونەرمەند لە سەر ئاستی جیهان بەرهەمیان بۆ ناردو، لە نێویاندا تەنیا (١٠٤) هونەرمەند بەرهەمەکانیان پەسند کرا مەدحەت یەکێک بوو لەوان. هەروەها لە پیشانگای مەڵبەندی ڕۆشنبیریی (کۆساکا)ی ژاپۆنیشدا، کە هەر سێ ساڵ جارێک پیشانگایەک دەکاتەوە، لە نێو چوار هەزار هونەرمەندی شێوەکاردا، مەدحەت کاکەیی یەکێک بوو لەو سەد هونەرمەندەی تابلۆیان نمایش کرا، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٩٠ و جاری دووەم لە ١٩٩٣.

مەدحەت لە ساڵی ١٩٩٣ دەگەڕێتەوە کوردستان، ماوەیەک لە هەولێر دەژیت، دواتر دەبێتە مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی

سلێمانی، لەگەڵ هونەرمەندان ئیسماعیل خەیات و نامیق عەلی قادر (پیشانگای سێ یاران) یان لە ١٩٩٣/٨/٢٠ لە شەقڵاوەدا کردەوە، لە ١٩٩٣/٢/٢٠یشدا پیشانگایەکی تایبەتی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا کردەوە. لە هەردوو پیشانگای ناوبراودا، مەدحەت دەستی بۆ کەرەستەو کەلوپەلی کۆن و لەکار کەوتووی بە ژەنگ و پیسی داپۆشراو بردو، بە دەست و پەنجەی سیحراوی پۆشاکی هونەری بەسەردا بەخشیون، لە هەوڵێکی کارامەدا بۆ زیندوو کردنەوەی شتە فەرامۆش کراوو لەبیر کراوەکان و بە زمان هێنانی بیرەوەری و یادگارەکان.



## عەبدولڕەحمان وەحید کلحۆ

### دابڕان و بەرسڤێکی جوان

هیچ شتێک هێندەی لە خاک دابڕان و هەڵکێشانی ڕەگ و ڕیشە، کار ناکاتە سەر هەست و نەستی مرۆڤ. عەبدولڕەحمان کلحۆ لە ساڵی ١٩٥٤دا لە (نیروەڕێکان)ی دەڤەری ئامێدی – پایتەختی میرانی بادینان – لەدایک دەبێت و، لەگەڵ یەکەم چەخماخەی بەرپا بوونی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١دا، خێزانەکەی تووشی ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری دەبێت.

دابڕان لە دنیاو ژینگەی سەردەمی خەون و خەیاڵ ئاسای منداڵیی ئەودا، کەندو خەرەندێکی مەزنی لە نێو هزرو ئەندێشەی ئەودا دروست کردو، دەروونی (ئەو)ی مرۆڤ و هەست و نەستی دوو لەت کرد. ئەو دیوی خەرەندی دابڕان، واتە ڕابردووی بەر لە دابڕان، ژیانێکی سادەو ناسکی خەون ئاسایە، بەڵام ئەم دیوی، کە ئێستایە، چونکە دوورە لە ویست و ئارەزووەکانی خودو لەگەڵیاندا یەک ناگرێتەوە، هەرچەندە خۆش و سازو ڕێکیش بێت، هەر تفت و تاڵەو تاموبۆی غوربەتی لێ دێت.

هوروژم و لێشاوی تاڵاوی بەرهەست کەوتووی دابڕان، لە نەستی (کلحۆ)دا پێشوازی کراوەو، دواتر لە قاڵبی هونەردا پەرچڤەکراوە. دوای ئەرک و کۆششێکی زۆر، لە ساڵی ١٩٨٠ کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا (ئەکادیمیا)ی تەواو کرد. ئیدی (کلحۆ)ی هونەرمەند دەگاتە ئاستی نمایش کردنی ئەندێشەکانی هەست و نەست و بیری، پێش هەموو شتێکیش خەون و خولیا جوانەکانی تەمەنی زارۆکایەتی تێکەڵ بە ئەڤین و خۆشەویستیی نیشتمان دەبێت. تەوژمی پان و بەرینی (نیشتمان – خەون)ەکەی زۆر چڕوپڕ بوو، بۆیە لە هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ڕووبەری سپی و بێگەردی تابلۆداو، بۆ هەر یەک (سم٢)ی ڕووبەر، چەندین فۆرم و بیرۆکەی ئەو تێکەڵ بە ڕەنگ دەبن و، لە هزرو بیری هونەرمەنددا، ئامادە دەبن، کە بە پێداگرتنەوە، داوای بەرجستە بوون و داڕشتن دەکەن و کار لە بزاڤی دەست و پەنجەی دەکەن.

جا بۆ ئەوەی دانانی ڕەنگ و گەڵاڵە کردنی فۆرم و شێوە، بە هەمان چڕی و ئامادەبوونی بیرۆکە و ئەندێشەکان بێت، (کلحۆ) هەوڵی داوە بە تۆپەڵی ڕەنگ و بە چەقۆ – وەک خۆی دەڵێت: چەقۆ نەک هەر بۆ بڕین و کوشتن بەکار دێت – پتر لە بارگە و ژانێکی خۆی، لەگەڵ هەر دەست بردن و دەست پێدا هێنانێکدا دەربکات و، ئەو ژان و بارگەو قورساییانە لە کۆڵ خۆی بکاتەوەو، بە ستاتیکاو زمانی جوانی بەرەو ڕووی بینەرانی بکاتەوە.

ڕەنگەکان لە بچووکترین ڕووبەری تابلۆدا، بێ ئەوەی بۆشایی بەجێ بهێڵن. بە چڕی و تێکەڵی و نزیک بە یەکتر جێی خۆیان دەکەنەوە. ژینگەی کوردستان و دۆڵی دوورو درێژ و بەرینی نێوان گارەو مەتین،



بواری سەرنجی دوورو درێژ دەرەخسێنێت، چاوی هەستیارو جواندۆز، وێڕای ئەوەی مەستی دیمەنی دڵڕفێن دەکات، ڕووبەرێکی فراوانی ڕەنگی شینیش دەخاتە بەرچاڤ و دیدە. تەنانەت شارێکی دێرینی وەک ئامێدی و نزیک بە دڵ و دەروونی هونەرمەند، لە دوورڕا وەک قەڵایەکی شینی فریشتەنشین بۆ ڕێبواران خۆی دەنوێنێت.

جا سەیر نییە کە (عەبدولڕەحمان)ی نیشتەجێ بووی ئەوێ هێندە ئالوودەو عەڤداڵی ڕەنگی شین بێت. ڕەنگی مۆریش نزیکترین ڕەنگی دنیای خەون و خەیاڵە، بۆ نمایش کردنی سەرنج و بینینەکانی زەمان و سەردەمی منداڵییش زۆر لەبارو گونجاوە، بۆیە ئەم ڕەنگەش هەمیشە ئامادەی بەردەستی هونەرمەندو سەر ڕووی تابلۆکانی بووە. دیارە ئاکاری نەرم و هێوری هونەرمەندو کەسایەتیی ئارامی ئەو، هەر بەم ڕەنگە هێمن و ئارامانە پتر دەخرێنە ڕوو. عەبدولڕەحمان وەحید کلحۆ لە ساڵی ١٩٨٣وە تا ساڵی ١٩٩٦ چواری پیشانگای تایبەتی لە دهۆک و هەولێردا کردووەتەوە، هەروەها لە چەندین پیشانگای هاوبەشدا بەشدار بووە، کە لە شارو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان و بولگاریاو ئەڵمانیا ڕێک خراون. هەروەها تابلۆ و بەرهەمێکی زۆری بەر لە ڕاپەڕینی ئەو بێ سەرو شوێنن.

# گارا ڕەسووڵ

## تۆماری تارمایی گەل و زێدێکی فەرامۆش کراو

جوگرافیای مێژووی ژیانی گارا ڕەسووڵ ئەم خاڵە زەق و دیارانەی تێدایە، ساڵی ١٩٥٥ لە کەرکووکدا هاتووەتە دنیا، دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ، لە ساڵی ١٩٨٢ لە چیادا چووەتە ژووانی شۆڕش و خەبات، لە ساڵی ١٩٨٤ بەدواوە کەوتووەتە نێو تەون و داوی غوربەت و تاراوگە.

گارا ڕەسووڵ نموونەی ژیانی گەلێک دەخاتە ڕوو، کە هەبوونی ئەو گەلە وەکو خودو خاک لەو شارەی گارە تێیدا لەدایک بووە (کەرکووک)، پێشێل کراوە. خەباتی سەختی شاخ و قوربانییەکانی، کارەساتی گەورەترو بێ ئاکام و دەسکەوتیان لێ کەوتەوە. دوای وێک هاتنەوەو داخرانی هەردوو ئەڵقەی ژیانی شارو ژیانی شاخ، بێ لە تاراوگە هیچ جێگەو شوێنێکی دی نەما – لە ڕوانگەی گاراوە – بۆ ژیان.

تاراوگەش گەرچی ژیانی ئارام و بژێوی دەستەبەر دەکات و مرۆڤ لە سایەی دەسکەوتەکانی شارستانیەتی وڵاتانی تاراوگەدا لە نازو



نیعمەتی ئەوێ فەراهەم دەبێت، هاوکات گەورەترین مانای هەبوونی لێ داگیر دەکات و، لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پرسیارە باڵاکانی عەقڵ و ژیریدا، کلۆڵ و دەستەپاچەی دەکات، مرۆڤ دەبێتە پەردەو توێژاڵێکی تەنکی بێ ڕەگ و ڕیشە، کە لە دووڕیانی گەڕانەوە بەرەو ڕەگ و ڕیشە و، سەرلەنوێ خۆ دۆزینەوە، یان دابڕان لە کولتووری پێشترو ڕەگ و ڕیشەکەی و، تێکەڵ بوون بە توێژاڵی ئەستوور و زەبەلاحی کۆمەڵگایەکی باڵا بڵندو بەرفراوانی ئەوتۆ، کە تەکنەلۆژیاو شارستانیەتی نوێی وەبەر هێناوە، گیر دەخوات.

گارا ڕەسووڵ دوو واقیعی کۆمەڵایەتیی بە کردەوە ڕەت کردووەتەوە، شاری بندەستی داگیرکەر و، شاخی بە دوور لە ئامانجی ڕوون. کورد لەم بەشەی کوردستاندا کە دەرفەتی بۆ هاتە پێش، شاری بندەستی داگیرکەری ڕەت کردەوەو ڕاپەڕی (١٩٩١)، شاخیش لەم سەردەمەدا لەوە بەرتەسکترە کە بتوانێت گەلێکی فێرە نازی ئەم سەردەمە لە نێو دۆڵی پێچاوپێچ و ترۆپکی سەختدا بحەوێنێتەوە. بەم شێوەیە ڕاپەڕین پەیامی گەلێکی لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە خستە بەر دیدەو سەرنجی سەرانسەری جیهان و، لە بڕیارێکی پڕ لە میهرو دەگمەنی دەرهەق بە نەتەوەکەمان، ناوچەی ئارامی سەرووی هێڵی ٣٦ بڕیار درا.

گارا لە ساڵی ١٩٨١دا پیشانگایەکی تایبەتی لە مووسڵدا کردەوە، لە ١٩٨٦ەوە تا ئێستا، جگە لە سازدانی چەند لە پیشانگایەکی تایبەت لە کوردستان و لە هەندەراندا، لە شارەکانی ئەڵمانیا و وڵاتانی قوبرس و نەمسا و یۆنان و گەلێ شوێنی دیکەدا، بەشداریی پێشانگای جۆراوجۆری هاوبەشدا کردووە، ئێستاش لە

شاری(کۆلن)ی ئەڵمانیا لەگەڵ هاوسەرە مەغریبییەکەیدا ژیان بەسەر دەبات. ژیانێکی ئارام و سۆفیگەرانەی دوور لە ژاوەژاوی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاری بەسەر دەبات، هەرچەندە لە نێوجەرگەی ئەو تەکنەلۆژیایەشدا دەژی. کەس و فیگەر لە تابلۆکانی گارادا نادیارن و لە نێو تەم و مژدان، بە دەگمەن نەبێت، ناسنامەیەک پیشان نادەن، بەڵکو چەشنی تارماییەکن و دەستی شێواندن، بێ بەرنامەو بە بەرنامەش، هێڵی پتر شێواندنی بە هەموو ئاراستەکان بەسەردا هێناون.کەسەکانی ئەو ڕێک و ڕەوان گوزارشت لە خودی نەتەوەیەکی لەبیر کراو دەکەن، کە خاک و خەڵکی لە هەر چوار لاوە بێ بەزەییانە کەوتوونەتە بەر هێرشی شێواندن. ترس و دڵەڕاوکێ و وێرانی، لە نێو تابلۆکانیدا دەردەکەون، کەم کەس هەیە درک بە حاڵەتی تێک شکان و دارمانی نێو تابلۆکان نەکات. گەر کورد لە کەناری ئازادیدا بگیرسێتەوە، دڵنیام ئەوسا، تارمایی نێو تابلۆکانی گارا، ڕووی جوان و ڕاستەقینەی خۆیان دەخەنە ڕوو.



## ئومێد شاڵی

### دابارینی ڕەنگ و فەنا بوونی شێوە

ئومێد شاڵی ساڵی ١٩٥٧ لە سلێمانی لەدایک بووە، (ئەکادیمیا) کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٩١ لە هەشت پیشانگای هاوبەشی نێو وڵات و دەرەوەی وڵاتدا بەشداریی کردووە، هەروەها لە ساڵانی ١٩٧٥ەوە تا ١٩٩٢ یازدە پیشانگای تایبەتی لە سلێمانی و هەولێر و بەغداو ئیتالیا کردووەتەوە. ئێستا نیشتەجێی ئیتالیایە و ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردە لەو وڵاتەدا.

تابلۆکانی ئومێد شاڵی بە زۆری لە شێوە باوەکانی ئەندازەدا بەرجەستە و بەرهەم هێنراون، بە تایبەتی چوارگۆشە، بازنە، چوارگۆشەی لار (مەعین)، هەندێ جاریش شێوەی لاکێشەیی وەردەگرن.

دووبارە بوونەوەی یەک پێوانە، گەر بە شێوەیەک لە شێوەکان تەنگ هەڵچنین بێت بە ئازادیی جووڵەو بزاوتی فۆرم و فیگەر، دیارە جۆرە کارامەیی و دەسەڵات و توانایەکیش دەخاتە ڕوو، سەبارەت بە

جۆشدانی کەش و دنیایەکی دیاری کراوی هونەر، کە تێیدا ڕەهەندەکانی داهێنان دەخەملێن و بوار بۆ هێنانە دی و گەلاڵە کردنی ڕێچکەو شێوازێکی تایبەتی هونەر خۆش دەکەن.

بەم جۆرە هونەرمەند بەرەو داهێنان و ئەفراندن دەچێت لە تەک ئاستێکی بالادا، بە زۆییش تابلۆکانی ئومێد (پانی × درێژی) یان مەترێکە، یان لە مەترێکەوە بەرەو خوارو بەرەو ژوور.

ئەو لە کاتی کار کردندا بە لای شتی بەرجەستەدا ناچێت، تابلۆ لە شێوەی باو ڕووت دەکاتەوە (ئەوەندە تابلۆیەی من وێنەکانیانم بینون)، تێیاندا لایەنی ئەکادیمی و توێکاری پشت گوێ دەخات، ڕەنگ (دادەبارێنێت) و (دادەچۆڕێنێت)ە سەر ڕووی تابلۆ. خاڵ خاڵی ڕەنگ – بە حوکمی دابارین – یان چۆڕاوگەی ڕەنگ – بە حوکمی داچۆڕین –، جا ئەو ڕەنگە هەر جۆرە ڕەنگێک بێت، یان سەراپای تابلۆ تەی دەکات، یاخود هەندێ بە شێوەیەکی ستوونی و هەندێکیش ئاسۆییانە، چەشنی ئەستێرەکانی (کاکێشان) یان تەونی ونجڕونجڕ کراو، بە ڕووی تابلۆدا بەرش و بڵاو دەبنەوە.

ئومێد شاڵی هەندێ جار فڵچەش بەکار دەهێنێت، بەڵام بە هەمان ڕیتمی داچۆڕانی ڕەنگ یان دابارینی، بە تەوەرێکدا یان بە تێکڕای ڕووبەری تابلۆدا، ڕەنگ دادەڕێژێت، کاتێکیش ڕەنگەکان لە نێو هزرو خەیاڵی هونەرمەند، لەبەر چڕی بەرەو نەمان و تەماهی و فەنا بوون دەچن، بۆ سەرلەنوێ ڕاو کردن و زیندوو کردنەوەیان، پەنای بردووەتە بەر شێوازی مۆنۆتایپ، کە بۆ پارسەنگ دانەوەی لایەنی جوانی و ڕیتمی ڕەنگەکان، هەندێک ڕەنگی هەڵبژاردەی – وەک کە هەمیشە وا دەکات – داچۆڕاندووەتە سەر تابلۆکان.



# ڕێبوار سەعید

## هەڵەبجە ناسنامەی گەلێکی ستەم دیدەیە

ڕێبوار سەعید لە ساڵی ١٩٦٢دا لە سلێمانی لەدایک بووە، لە تەمەنی لاویدا پەپوولەی هەست و نەستی بە دوو باڵی (پەیڤ) و (هێڵ) لە نێو دنیای ئالاو والای وڵاتی نێرگزدا لە شەقەی باڵی داوە. هەمیشە وەک مریدێکی شەیدای جوانی، پەی بردن بە ڕەهەندی ستاتیکا لە توخم و ڕەگەزەکانی ژیان و ژینگە، هێندە بە ناخیدا ڕۆچووە، بە ڕادەیەک ئەو شوێنەی کە جوانیشی لە باوەش گرتووە – کە نیشتمانە – لە لای هونەرمەند ئاوێتە بە مەعشووق و ئەڤینی یەکەم بووە – کە جوانییە –، بۆیە گەر فەرهەنگی شیعرەکانی بە دەوری پەیڤەکانی (چیا، نێرگز، نیشتمان، نەورۆز)دا خولابێتەوە، لە هەمان کاتدا بە هێڵ و ڕەنگیش هەمان ئەو پەیڤ و تێگانەی گەلاڵە کردووەو دایڕشتوونەتەوە.

کارەساتی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە دنیای هونەری ڕێبواردا، ئەو کارەساتە ویژدان و ڕۆحی ئەوی سمیوە و بۆنی گازی ژەهراوی تێکەڵ بە خوێنی بووە، کە لە ئاست هێرش هێنانی پڕ زەبر و زەنگی داگیرکەردا، ڕووبەری تابلۆی

کردووەتە نیشتمان و سەنگەر، تێیدا خوێنی لەبەر چووەو بە هێڵ و ڕەنگ داکۆکیی کردووەو، بەرەنگار بوونەوەیەکی نابەرابەرو جوامێرانەی درێژە پێ داوە.

لە ساتگەلێکی سەختدا، کە هێرشی دڕندانەی داگیرکەر تەڕو وشکی پێکەوە دەسووتاندو، بواری ژیانی لە هەواشدا نەدەهێشت، دەست و پەنجەی هونەرمەند ئەرکی قورسی تۆمار کردنی ئەو کارەساتەی گرتە ئەستۆ. گوزارە کردن لەو چرکە – ساتانەی کات و زەمان، کە هێندە قورس و گران بوون، هێڵی دابڕی پان و بەرینی ڕەشیان دەخواست، ڕووبەرێکی قورس و سەنگینی یەکلا کەرەوەی ڕەنگیشیان دەویست، کە بواری هیچ تێکەڵ بوون و ئاوێتە بوونێکیان نەبوو، چونکە ناسکی و نیانی لە ژیاندا قڕ کرا بوو، بە هەمان ڕیتم، لە ڕەنگ و هێڵیشدا نەما.

ئەم بەرو ئەو بەری سەنگەرو دنیاکان، ئێجگار دژ بە یەک و پێک ناکۆک بوون، بواری سازدانی هیچ جۆرە هەماهەنگی و هارمۆنییەکیان نەدەدا، حورمەتی هەبوونی شتان شکێندراو لە دۆخی ئاسایی خۆیان دەرچوون. گۆڕانەکان هێندە بە پەلەو لە مەزەندە دوور بوون، بواری هەناسەدانکێشیان نەدەدا، هونەرمەندیان سەرپشک کرد بوو، لەوەی دەتوانێ و پێدا ڕادەگات، ڕاوی بکات و لە تێداچوونێکی حەتمی ڕزگاریان بکات.

ڕێبوار دوای ئەوەی سووتانی وڵات و هەڵقرچانی گیاندارانی بینی، ناخی بە چەشنێ تاوی سەند، لە ساڵی ١٩٨٤ەوە تا ساڵی ١٩٩٤ دوازدە پیشانگای تایبەتی لە شارەکانی (هەولێر، سەقز، سلێمانی، بەغدا، لەندەن، پاریس، بەرشلۆنە، فلۆرش باختن)دا کردووەتەوە، جگە



لە بەشداری کردن لە دەیان پیشانگای هاوبەش لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستاندا.

ڕێبوار سەعید وەک نیگارکێشێکی کورد، برینی هەردەم بە سوێی هەڵەبجەی کردووەتە باڵیۆزی ڕەوای گەلەکەی، لە هەر شوێنێکدا بێت بە هێڵ و ڕەنگ گوزارە لەو برینە دەکات و، وەک ناسنامەیەکی گەلەکەی نمایشی دەکات. هەر لەم تەوەرەدا لە ١/١٧ تا ١٩٩٨/٢/١٤ لە هۆڵی (نیس نان مانبۆڵ)ی شاری لەندەندا، بە پێنج هەزار پۆرترێت (وێنەی کەسی)ی سەرجەم ئەو قوربانیانەی لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا گیانیان لەدەست دای کردە بابەتی سێزدەمین پیشانگای تایبەتی خۆی، بۆ ئەوەی لە خۆڵەمێشی خاکی سووتاوو خاکەساری کوردان هونەرێک دابڕێژێت و ویژدانی زیندووی ناوچەرگەی وڵاتانی بڕیار بەدەست و پێشکەوتووی پێ بێنێتە جۆش، پاش ئەوەی بە درێژایی یەک سەدە گەلێکی دێرین و جوامێریان لەبیر کرد.

## جەمال مشیر

### دابەش بوون و فرەیی لە جەستەو رۆح و پێکهاتەکاندا

هەمەرەنگی لە ژیان و هەمەجۆری لە ئەدگارو تەبیعەت و بیرو بۆچوونی مرۆڤ، جغزێکە و شێوازو هونەری (جەمال مشیر) بە دەوریدا دەخولێتەوە. ئەو هەمیشە باوەڕی بە نوێ بوونەوەو گۆڕان هەیە، بە لای ئەوەوە ئەم شتانە لە ژیان و گەردووندا یاسای بنەڕەتین، هەردەم کاری خۆیان دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا پابەند بوون بە شێوازێکی تایبەت – کە خەسڵەتی هونەری ئەوە – ڕەنگە لە دیوێکدا پێچەوانەی گۆڕان و نوێ بوونەوە بگەیەنێت، بەڵام ئەو شێوازە تایبەت و خەسڵەتە دیارەی جەمال مشیر، شتێک نییە بەو جۆرە بخوێندرێتەوە،بەڵکو ئەو پەیوەندییە بەتینەی لە نێوان شێوازی (جەمال مشیر)و دیدو جیهانبینیی ئەودا هەیە، سیمای تابلۆکانی ئەوی بە جۆرێک خەمڵاندووە، کە (داهێنان) و(تایبەتمەندی) ئاوێتەیەکی ئەوتۆی گەڵاڵە کردووە، بێ لە مۆرکی (ئەو) ڕەنگ و ڕوخساری هیچ هونەرمەندێکی دیکەیان تێدا ناخوێندرێتەوە، ڕەنگ و هێڵبەندیی (جەمال) لە بۆتەی گوتارێکی دیدەیی بەهێزدایە، ڕوون و ڕەوان



دەدوێت، فیگەر بەپێی ڕیتمێکی دیاری کراو، بە بزاوتێکی سەربەستانەو کۆنترۆڵ کراوی هێڵ گەڵاڵە دەبێت. ڕەنگیش لە هەمە چەشنییەکی سەرنج ڕاکێش و بە ئارستەی هارمۆنیایەکی ئارام، بۆشایی و ڕووبەری نێوان هێڵەکان پڕ دەکاتەوە.

جەمال مشیر لە ساڵی ١٩٦٢ لە هەولێر لەدایک بووە، ساڵی ١٩٨٩ کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا (ئەکادیمیا)ی تەواو کردووە، واتە لە نزیکەوە لەگەڵ کولتوورو شارستانیەتی میزۆپۆتامیاو سیمبوڵە گەش و ڕەونەقدارەکانیدا ژیاوە، نەمازە کە بەغدای پایتەختی دەوڵەتی عیراق لەو سەردەمەی (جەمال مشیر) تێیدا قوتابیی هونەر بووە، بایەخێکی زۆری بە کولتوورو شارستانیەتەکانی میزۆپۆتامیا داوە، بۆیە زۆر ئەفسانەو بڕێ لایەنی ئەو کولتوورە دەوڵەمەندە و فۆرم و شێوەی پاشماوەی جۆربەجۆری شوێنەوارەکانی، لەنێو بەرهەم و تابلۆی ئەودا بەدی دەکرێت.

جەمال مشیر ئێستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێردا مامۆستایە، لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا پیشانگای تایبەتی کردووەتەوە، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە پەیکەری ڕاپەڕینیان دروست کرد (ئەم پەیکەرە لە نزیک پەرلەمانی کوردستان لە شاری هەولێردایە).

ئەم هونەرمەندە لە نێوان هونەری ڕیالیزم و تەکنیکی ئەکادیمی لە لایەک و، هونەری ڕووتەڵ (تەجرید) لە لایەکی دیکەوە، ڕێچکەیەکی تایبەتی گەڵاڵە کردووە. لەو ڕێچکە شێوازەدا چاوی بینەر بە فیگەری بەرجەستەو دیار ڕازی دەکات و بەدەم خواستی ئەوانەشەوە دەچێت کە هەڵوەدای شتی نوێ و تازەگەرین لە هونەردا. ئەو ڕێچکە

هونەرییەی ئەو ئاوێتەیەکی سیحراوییە، شەپۆلەکانی خۆیان بە کەناری هەردوو لادا دەدەن.

بەپێی پۆلێنێک کە بۆ ڕەوت و مێژووی هونەری شێوەکاری لە باشووری کوردستاندا بە پەسندی دەزانین، هەر سێ دەستەی پێشەنگ و، دەستەی دووەم و، دەستەی حەفتاکان، وەکو سەردەم و وەکو خەسڵەتی هونەری بەر لە پەیدا بوونی (جەمال مشیر) کەوتوون. دەستەی سالانی کارەساتیش، بە خەسڵەت و بنەمای هونەرەکەیان، بۆتەیەکی شیاو نین بۆ لە ئامێز گرتنی (جەمال) لە نێو خۆیاندا، چونکە هەرچەندە دڵەڕاوکێ وەک توخمێکی دەروونی لە لای (جەمال مشیر)یش ئامادە بوونێکی کاراو بەهێزی هەیە بە چەشنی هونەرمەندانی دەستەی سالانی کارەسات، وێڕای ئەوە تایبەتمەندیی (جەمال) لەوەدایە، لە بن بارو زەبری ئەو دڵەڕاوکێیەدا هەرەسی نەهێناوە، بەڵکو ژانێکی سەخت و دژواری پێ گرتووە، کە لە لای خۆیەوە هەوڵێکی بێ وچان دەدات بۆ کۆنترۆڵ کردن و ئاراستە کردنی ئەو دڵەڕاوکێیە. هەر ئەو توخمە دەروونییەشە لە سێ دەستەی شێوەکارانی بەر لە خۆی جیای دەکاتەوە، بۆیە هونەرەکەی ڕوخسارو ڕواڵەتێکی نوێیە لە نێو بزاڤی هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێردا، ژمارەیەک قوتابییش هەن کە ئالوودەی تەکنیک و شێوازی (جەمال مشیر)ی مامۆستایای خۆیان بوون.



## ڕەشید عەلی

### بەرجەستە بوونەوەی شکۆمەندی لە قەبارەیەکی جواندا

هونەری بەرزو ئەستەم و ناوازەی پەیکەر لە باشووری کوردستاندا کزو بێ ڕەنگ بوو. پەیکەرتاشێکی ناوداری عێراق لە سەرەتای سالانی حەفتای سەدەی بیستەمدا کەللە سەری حاجی قادری کۆیی لە برۆنز داڕشت و لە ڕێوڕەسمێکی شایستەی جەماوەری و ڕەسمیدا لە چوارڕیانی حاجی قادری کۆیی لە ناوەڕاستی شاری کۆیە داندرا. ئەو پەیکەرە هەرچەندە لە ڕووی هونەرییەوە شتێکی دانسقەو جوانە، بەڵام بۆ مەزنێکی وەک حاجی قادری کۆیی هەر تەنیا دانانی کەللە سەرێک شتێکی سادەو ساکارو کەمە، وێڕای ئەوە تۆپەڵە برۆنزێکی قەبارە نزیکەی (٣٠×٣٠×٣٠)سم لە فۆرم و داڕشتەیەکی پەیکەریندا، ڕۆح و کەسایەتیی گەورە زاتێکی بەرجەستە کردو، پێشوازییەکی گەورەی میللی و جەماوەریشی لێ کرا. ئەمە نیشانەیەکی پرشنگدارە بۆ بایەخ و پێگەی هونەری پەیکەرسازی لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری. لە شاری سلێمانیدا دارا حەمە سەعی بۆشاییەکی گەورەی بواری پەیکەرسازیی پڕ کردوەتەوە، هەمان ئەو ڕۆڵەی (دارا)ی گەورە

پەیکەرسازی کورد لە سلێمانیدا هەی بوو، (رەشید عەلی)ی پەیکەرسازیش بە شێوەیەکی دی و لە ئاستێکی دیکەدا لە دهۆکدا دووبارەی کردەوە. بۆ یەکەمین جار لەسەر دەستی ئەم پەیکەرسازە هونەری پەیکەر لە شاری دهۆک و دەڤەری بادیناندا هەناسەی داو خوێنێکی گەرم و گەشی بە گیان و جەستەی ئەم هونەرە بەخشی.

بە دەست و پەنجەی (رەشید عەلی) ژمارەیەک هونەرمەندو هۆزانڤان و خەباتگێڕی کورد پەیکەریان بۆ دروست کراوە، ئەو کارانە وەک پرۆژەی گەورەو بە سەنگ لە ڕووی هونەری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و واتاییەوە تەماشا دەکرێن. دیارترینیان دوو پەیکەر بۆ (ئەحمەدی خانی) لە دهۆک، پەیکەرێک بۆ (میرحاج) لە ئاکرێ، پەیکەرێک بۆ (سەیدا ساڵح یوسفی) لە زاخۆ، پەیکەرێک بۆ (محەمەد عارفی جزیری) لە دهۆک، جووتە پەریکەرێک بۆ (ئەنوەر مایی) و (سادق بەهادین) هەر لە دهۆک. جگە لەوە (رەشید عەلی) وەک بەرپرسێ گەلەرییا دهۆک و، مامۆستای پەیکەرسازی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک، رۆڵێکی دیاری هەیە لە پێگەیاندنی قوتابیان و گەشە کردنی هونەری پەیکەرسازی لە شارەکەدا. هاوکات چەندین پرۆژەی جۆربەجۆری پەیکەرسازیی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک و شوێنانی دیکەدا جێبەجێ کردووە.

رەشید عەلی لە ساڵی ١٩٦٦ لە دهۆک لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٨٧ بەشی پەیکەرسازیی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانیدا تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٧ یەکەمین پیشانگای تایبەتی لە ناوچە رزگار کراوەکاندا کردووەتەوە، ساڵی ١٩٩٢ دووەمین پیشانگای تایبەتی لە دهۆکدا کردووەتەوە، سەرەڕای بەشداری کردن لە چەندین




پیشانگای هاوبەش لە شارەکانی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستاندا. لەساڵی ٢٠٠٠ بە دواوە (رەشید عەلی) هێدی هێدی بە لای ڕەنگی ئاویدا دایشکاندو، لە ساڵی ٢٠٠٢ سێیەمین پیشانگای خۆی لە بری پەیکەر بە تابلۆی ئاوی بە ناوی (پێلێن ڕەنگا) کردەوە. ڕەنگە پەنا بردنی هونەرمەند بۆ ڕەنگی ئاوی لەبەر ئەوە بێت، کە ئەرکی پێگەیاندنی قوتابیان لە پەیمانگا و بەڕێوەبردنی گەلەرییا دهۆک و، پاش ئەو هەموو پەیکەرە دانسقەیەی کە بەرهەمی هێناون، بۆ ئەوە بێت جۆرە وچان و پشوویەک بدات، بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا ئالوودە بوونی بە هونەر بە بەرهەمی ئاوی پاراو بکات و، هەندێ لە ئەرک و زەحمەتییەکانی پەیکەرسازی دوور بکەوێتەوە.

ئەمیش ئەزموونێکە و ڕەنگ و ڕووبەر (پانی × درێژی)ی تێدا تاقی دەکرێنەوە لە بری قەبارە و تەنی سێ لایی.

ڕەنگە لە دووبارە زڤڕینی بۆ دنیای پەیکەرسازی، گۆڕان و گوڕ و تینێکی نوێی پێ ببەخشێت، کە بە کۆمەڵێک پەیکەری دانسقەی دی زەخیرەی هونەری پەیکەرسازی لە دهۆکدا فرەتر بکات، نەمازە کە هونەری پەیکەرسازی هاوبەندە لەگەڵ چارەنووسی ئەو، بەر لە ئێستاش سەرکەوتووانە خۆی تێدا تاقی کردووەتەوە.

# هەندێ شاکاری کوردی



# محەمەد عارف سیامەنسووری







# ئیسماعیل خەیات











# دارا حەمە سەعی














12 8:01




**عدولڕەحمان وەحید کلحۆ**








# گارا ڕەسووڵ









**جەمال مشیر**











# ڕەشید عەلی







# پێڕست


جوانی ........ 5

بۆ دە شێوەکاری کوردستان ........ 7

ئاوڕدانەوەیەک لە هونەری خۆماڵی ........ 12

محەمەد عارف سیامەنسووری ........ 15

ئیسماعیل خەیات ........ 19

دارا حەمە سەعی ........ 22

مەدحەت کاکەیی ........ 26

عدولڕەحمان وەحید کلحۆ ........ 30

گارا ڕەسووڵ ........ 33

ئومێد شاڵی ........ 36

ڕێبوار سەعید ........ 38

جەمال مشیر ........ 41

ڕەشید عەلی ........ 44

هەندێ شاکاری کوردی ........ 47